# ئۆقرە گرتن لە باوەشی
# هیوای سووردا

« لەو وڵاتەی ڕۆژەکانی
کورت و تەم و مژاوین و
ئاسمان هەورو هەڵایە ،
منااڵنێک لە دایک دەبن ،
کە باکیان لە مەرگ نیە . »
« پترارک »

**ئەگەر دیتت**
**بارانێکی کەسک ئەبارێ ،**
**ئەوە ڕەهێڵەی گەڵایە**
**تەوێڵ و لاجانگی درەخت بەجێ دێڵن**
**لە بەر دەمی گێژەبادا سەما دەکەن**
**پایزە**
**پایزە**
**پایز !**

ئەگەر دیتت
مژێکی چڕ
بۆتە پەچەی چاوی هەتاو
ئەوە هەناسەی سووتاوی کانیاوە
قوڵپەی چاوەی جێهێشتووە و
لە پێخەفی هەوری رەشا وەنەوز ئەدا
زستانە
زستانە
زستان !

ئەگەر دیتت سۆزی «ناڵەی جودایی» دێ
ئەوە پەڕپەڕۆکی بەفرە
هەڵکزاوە
سەر چڵی رووومەتی چیای جێهێشتووە و
لە گۆڕیچەی ماشیوێکی جەرگ رەشا
ویرە ویر گۆرانی دەچڕێ
هاوینە
هاوینە
هاوین !

ئەگەر دیتت
بایەکی سوور
بە توولەڕێی کازیوەدا رادەبووریّ و
هەر دەڕوات و هەڵدەنگویّ ،
ئەوە پشووی گوڵاڵەیە
سێحری سووری رەنگەکانی
ئاوێنەی باخ بەجیّدێڵن ،
چزووی زەردە پشووی زریان
ئاژن ئاژنیان دەکات و
کاڵ دەبنەوە
بەهارە
بەهارە
بەهار !

□

ئەم برینە خەمبارانەی تارا بەسەر
لە بێستانی سوورەبانووی کامە ئاسۆدا
پشکووتوون ،
ئاوا تیشکیان لیّ دەچۆڕیّ ؟

ئەم زەڕنەقووتەی ئازارە چاو
گەشانە
لە هێلانەی چاوی بە مۆلەق وێستاوی
کامە مانگەوە جووقاون
لە گەڵ سپێدە باڵ دەگرن ؟
ئەم زەنگەتەی فرمێسکە سوور و مۆرانە
زنەی مەمکی
کام شەوەزەنگیان مژیوە ،
کەوا بە سەر توولی تیشکی بەیانەوە
دەبنە شەڕاب ؟
ئەم چۆلەکەی زریکە باڵ برووسکانە
لە نێو قوڕگی
خەنەتیلکە گرتووی کامە زەندۆڵەوە
هەڵفڕیون ،
کەوا لەنێو گوێچکەی هەموو
شاخەکانی جیهاندا بوون بە زایەڵە ؟
□
دەور و پشتمان
لێڕەواری کەڵپەو
نینۆخ و
چزووە

چیای سەرمان دادەپاچن
کانیی چاومان هەڵدەلووشن
دەشتی جەستەمان دەکێڵن
تووڵە نەمامی زمانمان پەلڕن دەکەن .
سەرگەردانی چۆڵەوانیی
ڕۆحی بەرینی گریانین .
بە ڕێچکەی تووش و هەڵەتی
هەنیسکدا هەڵدەگەڕێین .
ڕەشماڵی بێ دەرەتانی
لە شۆرەکاتی فرمێسکدا هەڵدەدەین .
نیگاکانمان
بۆ چۆڕێ زەردە و تریفە
سیوشکەیان هەڵاتووە .
تینوو
تینوو
ڕۆحی خۆمان لە کۆڵ ناوە و
شەکەت
شەکەت
بەرە و مەرگ ڕێ دەپێوین .

ئێمە شیعری سەر لاپەڕەی لوول کراوی

شەپۆلین و
چاوی تەڕی زەریا نەبێ
کێی تر دەمانخوێنێتەوە ؟
ئێمە مرواریی خوێن تێزاوی
فرمێسکی بێ وڵاتیین
مل و سنگی هەڵقرچاوی خۆمان نەبێ
کێ دەمانکاتە ملوانکە
بۆ گەردنی دڵۆڤانی ؟
ئێمە گۆرانیی سووتان و
توانەوەین
ڕۆحی خۆڵەمێش و پشکۆی خۆمان نەبێ
کێی تر دەرگای ئەرخەوانیی حەزیمان
بۆ دەکاتەوە ؟
ئێمە پشووی کەزیە زەردی
گەرووی وشکی زەڕنەقووتەین
زمانی هەڵپرووزاوی خۆمان نەبێ
کێ دێ پەنجەی نیگای سڕی خۆی
پێ گەرم بکاتەوە ؟
لە مەداری
ڕۆحی چەواشە بوومان‌دا
جێگای خۆرێک نابێتەوە

جێگای مانگ و ئەستێرەیەک نابێتەوە
شەوە
شەوە
شەوە زەنگە .
بە رێگەی تاریکستانی
هەرچوار وەرزی زامارماندا
پۆل پۆل
پەپوولەی فرمێسک و
رەوە رەوە
مامزی خوێن و
قەتار قەتار
کۆتری زام و
کاروان کاروان
رۆحی تەزیو
بەرە و دەربەندی سووورباوی مێژوو دەچن
هەوارە
هەوارە
هەوار .

□

رۆحی ئێمە
نیگای ئێمە
عەشقی ئێمە
چەن شنەبا و
چەن  برووسکە و
چەن پەڕەسێلکەی غەریبن
ساڵ دوازدەی مانگ
بەبەر چاوی زەوی و
ئاسمان و
خوداوە
تێکەڵ دەبن ،
تێک دەهاڵێن ،
باڵ لە باڵی یەک دەساون .
ئێمە ئەو مەلە کۆچەری و
ئاوارانەین
نەدارێک دەهێڵێ
لە ژێر چەتری بسکی دا پشوو دەین ،
نە سەربانێک دێڵێ
لە بن باڵیدا هێلانە چێ کەین ،
نە ئاسمانێک دەهێڵێ
لە نێو سامالی شینی چاویدا
باڵ لێدەین .

□

با تەرمی ئێمە و گەڵا هەڵوەرێن ،
با شەپۆل بدا خوێنی سوور و زەرد،
با دۆڵ و دەربەند
ئامێزی سڕمان بۆ ئاوەڵا کەن ،
بڵێی ئێمە هەر ئاوا
بێ وسڵ و کفن و گڵکۆ بیــن ؟!
دڵنیام خودا
بە چاوی هەورا
تاڤگەی زوڵاڵی ئەسرین دەنێرێ و
دەمانشواتەوە ،
پەلکی گوڵاڵەی
ئاڵی نیگاشی بە کازیوەدا
شۆڕ دەکاتەوە ،
سووتووی زێڕینی دڵیشی
دەدا بەشەماڵ
تاکوو لە سەر لاشەمان هەڵیداتەوە .

□

ئەگەر جەستەی ئێمە نەبێ

ئەی ئاور شیعری رووناکی و
سووتان
لە سەرچی بنووسێ ؟
ئەگەر پشووی ئێمە نەبێ
«سیانید» و«خەردەل»
چیبکەن بە جۆلانە ؟
ئەگەر خوێنی ئێمە نەبێ
لێوی وشکەسوێی گولـــە بە چی
بخووسێ ؟
ئەگەر سنگی ئێمە نەبێ
تفەنگی حەپۆلی زل کوێر
چیی تر بکاتە نیشانە ؟

□

شەوە شەو
بێدەنگی
بە کەزیەی خۆی داماندەپۆشێ
شەو
خوێنی خۆی دەکا بە جیوە و
لە گۆنای رۆحمانی دەساوێ ،
ئاوێنەی دلڕەشی
چاوانی دەپشکوێ .

شەوە شەو
هەڵدێری خەونی سوور
لە قورگی برین و
ئازارمان دەهاوێ
لە ناخی ژان و قین دا
رەگاژۆ دەکەین
دوای ئەوەی دەروونمان
لە گۆلی فرمێسک و
ژاراوی دوودڵی هەڵکێشا ،
دوای ئەوەی کە رۆح و نیگامان
لە گۆمی
زووخاو و خوێناوی دوو رەنگی هەڵکێشا ،
دوای ئەوەی لاپەڕەی بڕوامان
لە زەریای
کەفاویی رەشبینی هەڵکێشا ،
دەمارمان
دەبن بە زەروو و مار
لە لاق و لە ملمان
دەهاڵێن
دەم دەنێنە خوێنی خۆمان و دەیمژن .

ئەوەیە
چیرۆکی دڕدۆنگی و شەوە ژان .
شریخەی تۆقینی
ئەم شەوە دڵڕەش و
کرمێیە
قارچکە گولانەی گومانی
لە مێرگی مێشکماندا
هەڵتۆقاند .
ئەوەیە
سترانی خۆخۆری و
خۆکوژی
شەو و خەو ،
بێ دەنگی و
شەو کوێری ،
دڵمانی ڕەپێنا
بەرەو ئەم هەڵدێری
کپ بوونەو
ئەم چاڵی نووتەکی
ئازارە .
□
ئێمە

ئەو چیرۆکە لە خوێن گەوزیوانەین
گۆچ کراوی
مەمکی ئەوین و بارانین
بە مردن و
خوێن و
برین
پێدەکەنین
ئێمە
لە گەڵ رۆحی سروشت تێک هاڵاوین ؛
لە دڵۆپە بارانێکی
هەڵنیشتوو لە سەر ئاوێنەی
روومەتی گەڵا بپرسن ،
کرچە کرچی
پلیشانی جەستەی خۆی
لە نێو تەوژم و گوشاری هەورا
لە بیرە ؟ !
لە گەڵایەکی تەرچکی
دەمدەمانی خوناوکەی باران بپرسن ،
چرکە چرکی
ئازاری چەکەرەدانی باوەشی خاکی
لە بیرە؟!

لە مەزرای کراسی کەسکی گیا لە
بەرکردوو
بپرسن
ژانی ئاژن ئاژن بوونی
سنگی نەرمی
بە دەرزیلە و چزووی چەقەرە لە بیرە؟!
لە ئێسک و پرووسکی نوستووی
نێو باوەشی
رەگ و ریشە تازە و کۆنەکان
بپرسن ،
ئازاری ئاویلکە دان و
هەڵقرچانی
قەقنەسی رۆحیان لە بیرە ؟!
خۆتان
لە خۆتان بپرسن ،
قیژە قیژی
لە دایک بوون و
ئازاری ناوک بڕینتان
لە بیرە؟!
دەڵێی/ تامی مەرگ تاڵە/
نەتچێشتووە!

تۆچووزانی شیرین نییە؟!
ئەوەیە نهێنیی سەوزی
زیندووبوون و
هەناسەکێشانی ئێمە
ئەوەیە رازی سووورباوی
دەستەملان بوون
لە گەڵ زام و ژان و مەرگ.
ئەوەیە مۆچڕکی گەشی
ئۆقرە گرتن
لە باوەشی هیوای سووردا.
ئەوەیە تەزووی شیرینی
دەمدەمان بوون
لە گەڵ فریشتەی
هەڵفڕین.

□

دڵمان ئاوێنەی خۆشەویستی یە
کە تریفەیەک سەر دەبڕدرێ
خوێن لە دەماری ئێمە
دەچۆڕێ .
کە شنە بایەک

دەخنکـێندرێ
نزگەرەی مەرگ
سنگ و گەروومان
دەکاتە پێخەف .
کە باڵی مەلێک
دەسووتـێندرێ
گڕ لە هێلانەی رۆحمان
بەر دەبێ
کە پێلووی چاوی کانییەک
دە دوورن
باڵی پەپوولەی دیلی نیگامان
هە ڵدەپڕووکێ .

□

ئێمە داڵدەی
هەموو ئازارو ژانێکین
کە دڵۆپە بارانێکی
سەرهەڵگرتووی پەنجە تەزیو
لە کۆ ڵانی پێچەڵاوپووچی زریاند ا
دەخولێتەوە ،
ئێمە خێرا

لەپی دەستمانی بۆ دەکەین
به هێلانه و

به گەرمایی هەناسەمان
رایدەژێنین ؛
له لاپەڕەی سپیی رۆحمان
جووتێ باڵی پێدەدەین و
بۆ ئامێزی
خودا و
هەور و
هەتاوی
دەنێرینەوە .

□

ئێمه هەموو بەیانییەک
دەستەملانی جۆگەلەی تیشک دەبین و
ئاوێتەی دەماری
باران .
هاوسەرینی
گاشەبەرد و
زنار و

رەوەز

دەبین و
ئاوێزانی
ئەگریجەی
زێوینی
سۆلاف.
بە سەر سەری ئاوارەیی و
کـۆچ و بێ پەناییماندا
ئەوە رێژنەی
برژانگی
هەور و
هەتاوە
دادەبارێ
یان
فرمـێسکی چاوی
خودا؟
ئەوە ترپەی
دارڕژانی
لــێو وکولمەی
ئەستێرەیە،

یان
قرچە قرچی
سووتانی
هەناسەی
با ؟

□

ڕۆحم بە بارتەقای دڵتان
خەمی پــێیە
ئەی ئازارە خوێناوییەکانی وڵــاتی
چەمەرچۆپی و ژان و گریان !
ئەمشەو هاتووم
فرمێسکی ڕووناکی شیعر
لە زامەکانتان پڕژێنم .
ئەمشەو هاتووم
بە سۆرانیی وشەی سپی
داتانپۆشم .
ئەمشەو هاتووم
ئاوێنەی ڕۆحم
بە بەردی خەمی سەوزتان
بشکێنم ،
هەر لەتەی بکەم بە کێلێک

لە ژوور سەری تەنیاییتان
بیچەقـێنم .

با لە وێوە
هەمیشە چاوتان لە سیمای وڵات
بێت و
پشکووتنی خونچەی زام و
فرمێسکەکانی
ببینن .

بەهاری ١٣٧٨

# مەرگە خەون

بۆ یاد و خەمی هەمیشە زیندووی هاوڕێم :
ڕەحمان تەرەغە

**بووکی نەورۆز**
**تازە تارای ئاگرینی**
**هەڵدابۆوە**
**لە سەر لاجانگی گەزیزە و**
**لە سەر لێوی**
**نەورۆزە دەشنینەوە .**

دڵ و رۆحی
شەیدا و خەیاڵاویی ئێمەش
لە شەقامی
شیعر و گوڵاڵە و بەیاندا
لە ژێر لیزمەی
بارانی پڕشنگی خۆردا
پێک گەیشتن .
دڵمان
پەنجەی یەکیان گوشی و
لە گوڵجاڕی لێومانەوە
پەپوولەی ماچ هەڵفڕین و
بە سەر گۆنای
نەرم و زێڕینی بزەوە نیشتنەوە .
نەورۆزانە ،
ئەمن گوڵی شیعرێکمدا لەبەرۆکی خەیاڵی تۆ
تۆش گوڵاوی زەردەخەنە و
فرمێسکی چاوی شیعرێکت
لە روخساری بیرم پژاند .
من ئەو کاتە
دیم لە پێـدەشتی دەستتدا

تینی ئەوین
کزەبای لێک دابڕانی خنکاندبوو .
لە نێو باخی نیگاکانتدا
پڕشنگی هیوا
شەوەزەنگی ماڵئاواییی سووتاندبوو .
لە سەر لووتکەی ڕۆحیشتەوە
خۆری شیعر و خۆشەویستی هەڵاتبوو .
من ئەو ڕۆژە
لە شەپۆلی بزەکانتا بۆچی نەمدی
«تەرەغە» چەپکێ گەزیزە دەچنێت و
بە برووسکەی دەستی دەیدا
لە کەزیەی خاوی « نەکەرۆز»؟!
نەکەرۆزیش تاڵێ لە بسکی خۆی دەچنێ و
دەیداتە دەس سروەی هەناسە
بیهێنێ بۆ تەرەغە؟!
ئەی لە ئاوێنەی بێ غەوری
چاوەکانتدا ئەو ڕۆژە بۆچی نەمدی ،
نەکەرۆز
بەو چەپکە گوڵە
باڵی سووتاوی کۆتری «گەشەی ئەوین »
باوەشێن کا ،

تەرەغەش
بەو تاڵە قژە
زامی «ئاواتە خنکاوەکان » ی تۆ
ببەستێ ؟ !
ئەرێ ئەم بڕیارە رەشە
چۆن توانیی بیرت دابگرێ ؟ !
گێژەڵۆوکەی ئەم کۆچە چۆن توانیی رۆحت
لە پرچی خۆیەوە پێچێ ؟ !

من نازانم
چۆلەکەی ئەم رۆحە وێڵەم
لە ژێر تەوژمی لەنگێزە و
گۆپاڵە بارانی خەمتا
شاباڵی بۆ هەڵنەوەری ؟ !

ئەمە چ مەرگە ساتێکە
بەرۆکی ئەم بەهارە سەوزەی گرتووە ؟
کە لەم هەواری فرمێسک و
شیعر و
گوڵ و
ئاوێنەدا ،

لە سەر پەلکی گوڵ و
گەڵا و
سنگی چیمەن
بە جێی ئاونگ
دڵۆپی خوێن هەڵنیشتووە ؟
هەناوی رەشی ئاسمان
ئاوسی بارانی قیلە
سروشت
جەستەی ئەنجن ئەنجن کراوی خۆی
لە سەر لەپی دەست داناوە و
بە وڵاتاندا دەیگێڕێ .
هەتاو بسکی
لە ژێر پەچەی تەم و مژی بۆگەنیوی
پشووی سەدان دێوەزمەدا
حەشار داوە .
با ـ سەری خۆی هەڵگرتووە و
لەم شاخ بۆو شاخ
لەم دێ بۆو دێ
لەم شار بۆو شار
لەم باخ بۆو باخ
ماندوو .. ماندوو

هەڵدەسووڕێ ؛
گیا وگوڵ و درەخت نابینێ
شنەشن بێن بەپیریەوە .
گەنمجاڕێ بەدی ناکا ،
مۆچڕکی کاتی قەف و گوڵ
تەزوو بە لەشیاندا بێنێ و
بە کەروێشکە کردنەوە لە بەردەمیا
سەما بکەن .

کانی وەکوو ماری زامار
هەر خۆ لە خۆی دەهاڵێنێ و
جینگڵ دەدا ؛
گەرووی تەزیویشی کەیلی
قوڵپی گریان و هەنیسکە ،
لەو لاشەوە
هەسێڵێکی دەروون رەشی کرم تێداو
تنۆک
تنۆک
فرمێسکە زوڵاڵەکانی هەڵدەلووشێ .

لێرە چیا
وەک ئەسپی سەرکێش و یاخی
هێندەی سمکۆڵان کردووە ،
ئازای جەستەی
زنەی گەرمی ئارەقەیە و
سات لە دوای سات
لاقی لە سینەی نەرمی بنار دەچەقێ .

هەوا ، دڵی خنکاوی خۆی
لە نێو بوخچەی دووکەڵدا
پێچاوەتەوە ،
ڕێتاری بە سامی خەمی گرتۆتە بەر
بۆ هەواری چۆڵی ئاسمانێک دەچێ
کە لە ژێر قامچیی رەشەبا و
خەزەڵوەری ئەستێرەدا
سەری سەوزی لە هەش ناوە .

خەمی دڵم بۆ کوێ بەرم ؟
لە سەر کۆشی هەڵقرچاوی
کام شۆڕەبی
شەونمی ئەم هەموو وشە وازریەم
بنیشنەوە ؟

لە نێو دڵی خنکاوی کام ئاوێنەجاڕی
خەفەتا
نەمامی شیعری گریانم باڵا بکا و
لێوی لە گۆنای گەرمی خۆر
هەڵبساوێ ؟
هۆ ئەوینە چەواشەکەم !
لە گەڵ ئەم خەیاڵە سرک و یاخی بووەم
بۆ ناسرەون ؟
هەموو رۆژێ دەتانبینم
باوەش بە دار و رووبار و کێودا دەکەن ،
سەر دەکەنە سەر بەرۆکی سووری پشکۆ
لە نێوکوانووی زامی شیعرا
بڵێسە بە خۆدا دەدەن !
ئەمسا لە نێو نوێنی پڕ لە تاو و یاوا
بە دەم لەرز و هەنیسکەوە
دەچنە ژێر باڵی پەمەییی
خەوە کۆترێکی سڵ و ئۆقرە دەگرن ،
هەر لە پڕیش ،
شەپۆلی خەونێکی نامۆ
هەڵتاندەگرێ
دەتانکا بە خوێنی وشە و

به نێو شادەمارەکانی
خۆر و ئاسمان و زەویدا
دەتانگێڕێ .
منیش به دواتاندا وێڵم
رۆحم تێکەڵ رۆحتان دەبێ و
مەرگە خەونی
زەردو سەوزو سوور دەبینم .
له خەونمدا دەبمه درەخت ،
هەموو لقی پەنجەکانم
هەڵدەوەرن .
سەرم
به دەست باگەڕەوه
دەبێته بابردەڵەیەک .
چاوەکانم
دەبنه پەپوولە پایزه ،
له داوێنی هەموو بنجه خەمێکدا
دەگیرسێنەوه .
لێوەکانم
دەبنه گەڵای وشک هەڵاتوو
له بن پێی رەشی زەماندا
هەڵدەپریوێن .

دەستەکانم
دەبنە پەیژە
بۆ هەڵگەڕان بە دیواری
ئازاری بێ کۆتاییدا .
لاقەکانم
دەمبەن
دەمبەن ..
ڕێگەی چڕی
پڕ خەم و ترسم پێ دەبڕن .

لە خەونمدا
دەبم بە شاخ
گڕو پشکۆی هەموو جیهان
لە دڵما کۆدەبێتەوە ،
زارم
وەک گەرووی گڕپژێن
دادەپچڕم
بە سەر زام و ژان و خەما
دەڕشێمەوە .
دەبم بە دۆزەخی ئەوین
قین و رق و ناهومێدی

دەتوێنمەوە .
پۆلووی پێم لە سەر باڵی
شەمشەمە کوێرە و
چاوی کوندەبوو
دادەنێم
بەرەو دنیای
خەونێکی تر هەنگاو دەنێم .

لە خەونمدا
دەبم بە چۆم
هێندە سنگ لە زەوی دەکوتم
ئەوەندە خۆم بە زەویدا دەخشکێنم
جەستەم خوێنی لێ دەچۆڕێ و
ئەرخەوانە سووری تووش و
بێ بەزەیی مەرگ و ترس
وەڕێ دەخەم .
خەون ئەبینم
تەرمی سڕو بێ کفنی خۆم
لە تابووتی دەستەکانما
هەڵگرتووە
بست بە بستی ئەم وڵاتەم پشکنیوە ،

جێیەک نییە

ئەم تەرمە هەڵپڕووکاوەمی  لێ بنێژم .
شەکەت ، شەکەت
لە ژێر باری لەشی خۆما هەناسە سوار
بە داوێنی کێوی رۆحی نەسرەوتووما
سەردەکەوم
زریکەی شیعرێکم دەبێ بە زایەڵە
خۆی لوول دەدا و
وەک شمشێر باڵ
لە نێو هێلانەی گوێما
دەگیرسێتەوە .
ئەم هەواڵە بە مێشکمدا
دەچرپێنێ :
بۆ تەرمی تۆ
لێرە ئاو وکفن و زەوی
دەس ناکەوێ
بڕۆ ،
لە بەر سۆلاڤی سەوزی  قەڵەما
خۆت بشۆرە ،
لە توێی سپیی دەفتەرەکەت
کفن بە باڵات بدوورە ،

لە نێو ڕۆحی شیعرێکی ئاگراویشدا
خۆت بنێژە !
هۆ ئەوینە چەواشەکەم !
لەگەڵ ئەم خەیاڵە سرک و یاخی بووەم
بۆ ناسرەون ؟
هەتا کەنگێ
لە گەڵ خۆتانا دەمبەن و
دەمخەنە ناخی گێژەنی زەریای خەون ؟
ئەمە چ مەرگە ساتێکە
بەرۆکی ئەم بەهارە سەوزەی گرتووە ؟ !
چاوێک نیـــیە ،
لە ژێر چۆکی
لافاوی فرمێسکا خوێنی تێنەزابێ .
شیعرێک نییە ،
گوڵی زەردی خەفەتێکی
لە بەرۆێی سەوزی نەدابێ .
پەپوولەیەک نییە ،
لە گەڵ پەلکی وشک و
وەریوی گوڵ
باڵی خۆی لێ نەگۆڕابێ .
دڵێک نییە ،

**گەرمایی روحی ئەوینی**
**هەست کردبێ .**
**وشەیەکی گەش و لێو بە بزەش نییە**
**کە تۆزێ حەزی لە کوانووی**
**کووژاوەی هەڵبەست کردبێ .**

**خەمی دڵم بۆ کۆی بەرم ؟**
**لە سەر کـۆشی**
**هەڵقرچاوی کام شۆڕەبی**
**شەونمی ئەم هەموو وشە وازریەم**
**بنیشنەوە ؟**
**لە نێو دڵی**
**خنکاوی کام ئاوێنە جاڕی خەفەتا**
**نەمامی شیعری گریانم**
**باڵا بکا و**
**لێوی لە کوڵمەی گەرمی خۆر**
**هەڵبساوێ ؟**

بەهاری ١٣٧٦

# ڕێــــگـــا

پشتی ڕێگا
هەرەسی هەزارەی خوێن و
گڕی بە سەردا ڕووخاوە .
پەنجەی تۆزاویی گەردەلوول
ـ لە سەر تاری دڵی زەوی ـ

هەڵدەپەڕێ بە تەوژمی ڕەشەباوە

بەیانی شار :
لەش داتەپیو
هەناسە سوار ،
ئەژنۆ لەرزۆک
سەری کاسی داخستووە و
باڵتەی تەم و دووکەڵێکی
خەستی بە شانیدا داوە .
مێشکی بۆتە کەڕەسیسە و
هەڵ
دە
وە
ڕێ ،
چاوی پڕووش و بێ سۆمای
لە سەر سنگی
چەن ساتێکی
بۆگەنیو و
قورماوی لێ بەجێماوە .
چزووی ماری شەقامی شار
شەوکوێرانە

لە گەڵ هەموو چرکەیەکی
تەمەنی شەرماویی شەودا
بە گلێنەی کانیی چیا و
مەمکی شلکی
گوڵە گەنمیەوە داوە.

رێگا !
رێگا
لەو کاتەوە زەوی هەیە
خەو لە چاوانی
زڕاوە .

رێگا !
رێگا
لە نێو جەرگی
سڕی هیچ شەوەزەنگێـکا
دڕکی وەنەوز
لە بیبیلەی سەوز و گەشی
نەچەقاوە .

بەهاری ١٣٨٠

# چیرۆکی
## ڕموودە بوونی ڕۆح

لە بوودڕی هەوەسێکی
چاو سووری بۆگەندا
گووڕای !
لە قاقڕێکی
جەستە شەقار شەقاری
بەردەڵان و چڕدا
ڕسکای !

لە ئەشکەوتی مێشک هەڵۆڵی
شەوێکی سارد و سڕدا
فرچکت گرت !
بە گڕەبای سەحرایەکی قولەرەشە
بسکی کەسکی دارە بەڕووی
رۆحی خۆتت هەڵپرووزاند !
بە سەرهەڵگرتنی رۆحی
رەشەبای لمەوە نووسای !
سەفەری بێ بڕانەوەت
بە سەر هێڵی
خۆزگەیەکی گریاناوی و
کوێرە رێگای
نیازێکی پشت چەماوە و
رێچکەی حەزێکی مل کەچی
نێو چاوان خۆڵاوییەوە
تێدەپەڕێ !
ئەو زنارەی ، پێی باوەڕتی لە سەر گیرە
داوێنەکەی
خمخۆرکێکی هەڵلووشەوە
برسی ...برسی
چاوتەماوی

بۆ تۆپەڵە مێشکی خاو و شلەپەتە
هەمیشە قوڕگی لووشەری ئاواڵەیە
ـ زۆنگە پیرە ـ

□

تۆ دنیات بە تاڵە داوی
جاڵجاڵووکەیەکەوە بەست
دۆزەخێکت بە ئێزنگی وشکەڵی بیر
هەڵکردووە ،
بە مەشکۆڵەی
پڕ لە ئاوی
دەندووکی ملوێنان پەڕەسێلکەش
ناکوژێتەوە !
ئەو گڕەمشقانەی ناخی کاسە سەرت
جارو بارێ لە گڕوپف دەکەوێت و
دادەمرکێ ،
بەڵام لە پڕ
سەرمازەڵەی هەزاران تاوانی ڕوو ڕەش
دەوری دەدەن
لەو کاتەدا
دەمیان دەبێتە کونە «با»

ـ دەڵێی هەموو «با» کانی جیهان
سەر چاوەکەیان لەوێوەیە ـ
لە ئەشکەوتی دەمیانەوە
فوو لە ژیلەمۆکەی دەکەن .
کۆمەڵکەی
پیاوە قوڕینەکانیش
بە زەلیلییەکی بۆر و
گەوجانەوە
ـ خۆت ئاسایی ـ
بە دەوری ئەو گردوولکە ئاورینەوە
سەما دەکەن .

□

ئای .. لەو ئاسمانە رووتاڵەی
ساڵ دوازدەی مانگ
هەور و هەڵاو تاوان بارێن
هەورێک ناوێرێ بپشمێ
تۆ تەقەڵی پوواوی جەرگ و هەناوت
دەپچکڕێ و
تاوانێک لە پڕیشکەی
پشمینەکەی دا دەقۆزییەوە !

بالندەیەک
ناوێرێ پەپوولەی دەنگی
هەڵفڕێنێ ،
تۆ گەناوی پەردەی گوێچکەت
دەشڵەقێت و
ڕوو ڕەشییەک
لە سەر هێڵی نۆتی گەرووی
دەگریەوە و
دەیلکێنی بە دیواری قورماویی
ڕۆحی سڕتەوە !
کانیلەیەک
ناوێرێ لە ژوانی تەنگی جۆگەیەکدا
هەناسەی روونی بە بسکی
خاوی گژ و گیادا بێنێ ،
تۆ شەیتانۆکەی چاوانت
دەپەڕێتە تەپڵی سەر و
گۆلاو ، گۆلاو
قوڕ و لیتەی گەماری رق
دەڕێژیتە گەروویەوە و
بزەی ڕۆحی
دەخنکێنی !

□ □

بێ تاوانی !
لە بوودڕی هەوەسێکی
چاو سووری بۆگەندا گوورای !
لە قاقڕێکی جەستە شەقار شەقاری
بەردەڵان و
چڕدا رسکای !
لە ئەشکەوتی
مێشک هەڵۆڵی شەوێکی
سارد و سڕدا فرچکت گرت .
بە گڕەبای
سەحرایەکی قولەرەشە
بسکی کەسکی دار بەڕووی رۆحیان
هەڵپڕووزاندی !
بە سەرهەڵگرتنی رۆحی گێژە لـمی
رەشەباوەیان نووساندی ! !
بێ تاوانی !
بێ تا ...
بێ ...

بەهاری ١٣٨١

# خەمێـکی شیرین

دیسان شەوە و ئازار و خەم
دڵمی خستۆتە گێژەنی
داخێکی قووڵ و رەشەوە
تا ئەو کاتەی

لێوی گەرم و گەشی هەتاو
گۆنای زەوی رادەمووسێ
لە سەر سینەی شەڵاڵی دێڕی خەیاڵم

ملوانکەی خەم دەهۆنمەوە
بۆ گەردنی کیژۆڵەی خەمباری شیعر.
لەم شەوە خەماوییەدا
ترپەی هەنگاوی ساتەکان
لێدان و داخورپانی دڵ ،
هاژەی بە ئاستەمی شەوبا و
شنەی گەڵای شۆڕەبییە قژ تەڕەکەی
بەر پەنجەرەی ژوووری کپم
بوونە کۆڕێکی مۆسیقا و
ئاهەنگی داخ و تەنیایی
بۆ ئەندێشەی ئاڵۆزاو و
بۆ هەست و بیری زامار و
خەیاڵی بێ ئارام و ئۆقرەم دەگێڕن .
ئەویــنەکەم !
ئەی ئەستێرە پیوارەکەی
ئاسۆی هیوام
خەمی دووریت

تۆوی سەدان یاد و خەیاڵی هەنگوینی
لە کێڵگەی رۆحما دەچێنیٚ .
هەرچەند جاریٚ
سروەی یادت
بسکی شۆڕەبیی خەیاڵم شانە دەکات
تەزوویەکی پڕ لە تاسە
باوەش بە دڵما دەکات و
شەونمی فێنکی ئۆخژن لە ناسۆرم
دەپڕژێنیٚ .
لە چاو ترووکانێکیشا
وەکوو نێزەک
بەنێو گشت دەمارەکانی لەشمدا
مێروولە دەکا و
جێم دەهێڵیٚ .

هاوینی ١٣٧٣

# پردی پڕشنگ

بۆ یادی هەمیشە سەوزی « راوچی»

**شەوە ، دیواری رەشی تاریکی**
**هەرەسی کرد و بە سەرما رووخا**
**«راوچی »ئەم ئەسپە برووسکەی کۆچی**
**چ دەبوو ساتێ وەسەر پاشوو خا ؟**

مانگی سڕ بوو سەری نا سەر ئەژنۆی
بە خەفەت گردەبڕی «بەردەهەڵۆ»
شاخ ، سەری نا بە دڵی گوندەوە شەو
کەسەری کۆوە دەکردن کۆ ، کۆ

مانگەکەی بەردەهەڵۆ ئاوا بوو
باخ و چۆم و مەل و کانی دەگرین
لە حەشارگەی تەرە بوو رۆحی چیا
بە حەوای عەشق و دڵا کەوتە فڕین

سەر بە هەش ماوە دڵۆپەی شەونم
خوێنی تێزاوە دڵی کازیوە
سەر لە ئاسمانێ دەساوێ شەوی رەش ،
بەو خەمەی ئێمە بە خۆی نازیوە ؟!

شەختە گەستوویەتی زەردەی ئاسۆ
چاو کەسیرەن بە تەوژمی گریان
هەڵوەری زەردە لە لێوان ، بردی
باگەڕی خونچە ڕفێنی زریان

لایە لایەی شنەبای کوێستانان
گڕەبای ژانی لە باڵا بەربوون
تازە کێ زامی چیا داپۆشێ ،
بە تکەی ئارەقی رووی شیعری روون ؟

مامە «راوچی» ی رەوەز و تەرت و تەلان !
ئێستە کەی کاتی لە خەو راچوونە؟
کە دییان کۆتەڵی باڵات رووخا
داڵەکەرخۆر، لە وڵات بەربوونە !!

بێ بژیو ماوە هەڵۆی لێژ و دەڕاڵ
سیپە جێژوانی پەپوو و کوندانە
لەرزی قامکی پەلەپیتکەت ، سڕ بوو
چاوی سێرەت گـڵی لێ میوانە !

دڵ دەبەستم بە هەنیسکانەوە ، با
هەڵگەڕێ شەو بە چیای گریانا
با لە سەر دوندی تەماویی فرمێسک
خۆ حەشار دا لە هەناوی ژانا

لە ڕکەی تاری خەمی دووریتا
وەری شاباڵی مەلی گریانم !
لەم هەوا لێڵ و کپ و تووشەی دا
چاوەڕێی زەردەیەکی کوێستانم

تیشکی مزگێنی دەری کازیوە و
شۆڕە پێشەنگی ڕچەی شەوگار بووی !
پیرە هاوڕێی بەژ و زەرد و بەردان ،
زایەڵەی قوڕگی کەژ و کۆسار بووی !

لە شەوانی ڕەش و داخاوی دا
کۆنە هاوڕازی تەلان و گرد بووی !
چاوی ڕووناک و زوڵاڵی ئاسۆ ،
بۆ شەقاوی گەشی پڕشنگ پرد بووی !

بۆ پشوودانی دەمەو ئێواران
وەگەڕێ ، سەر کەوە سەر ڕانی چیا!
تاقە هاوڕازەکەتە بەردە هەڵۆ
چۆن دڵت هات کە بەجێتهێشت تەنیا ؟!

**وەرە شەو راوی شیعر ئەم جارەش**
**لێو بە لێوی وشەدا بخشێنە !**
**غەزەلی تورت و تەڕ و پاراوت**
**لە گلێنەی قەڵەمت بتکێنە !**

**خڕ و زەندۆڵ و گەوە و ئەشکەوتان**
**خوێنی بێدەنگی لە رەگیان دەگەڕێ !**
**گیا و گوڵ و دار و دەوەن ژاکاون**
**چاوی کانی تەمی لێ نیشت ، وەگەڕێ !**

**هەستە بڕوانە لە تاوی کۆچت**
**چاوە ئەسرینی بەهاری دەتەقێ !**
**کێلی راساو و سکڵ ئاساییت**
**لە گلێنەی شەوی دڵ رەش دەچەقێ !!**

هاوینی ١٣٨٠

# نیو نیگا

ئەی شاکچی نازەنینی
شاری حەز و خەونەکانم
کە پەنجەی گەرمی نیو نیگات
پەردەی پڕتووکاوی لە سەر
گلێنەی پەنجەرەی دڵم هەڵدایەوە
بە تیشکی زەردە خەنەیەک
زوقم و شەختەی خەمەکانم توایەوە !

بەهاری ١٣٧٢

# ئاوێنە(١)

هاوڕێ !
زەریای مەنگی دڵم
کە زەردەخەنەت وەک هەتاو
تیشکی بەسەردا بڕێژێ
سنگی دەبێتە ئاوێنە
ئەوسا لە بەریا راوەستە و

بسکی خەیاڵ و ئارەزوو و تاسەکانت
دابهێــنە .
بەڵام گوڵم !
قەت مەهێڵە
شەپۆلی مۆنی تووڕەیی
ئەو زەریایە بشڵەقێنێ ،
هەرگیز مەهێڵە بەردی قین
ئاوێنەی باڵا نوێنی تاسەکانت
بچڕژێنێ !

پاییزی ١٣٧١

# ترس

کانییەکی چاوشینم دی
خۆی لە چنگی زبری خاک
رادەپسکاند و
بە سلۆکی رێی دەپێوا ؛

**دوای چەن هەنگاو**
**کە خۆر نوقورچکێکی دەگرت**
**لە رانە رووتەڵەکانی ،**
**هەڵمی شەرمێک دایدەگرت و**
**خۆی دەخزاندەوە ئامێزی**
**خۆڵ و بەرد و خیزەڵانی .**

زستانی ١٣٨٠

# هیوا(۱)

درەختێکی برژانگ وکەزیە پەپوولەییم دی
بەژنی باریکی جۆگەیەکی زێڕوەشان دەکرد
بە فرمێسکی گەڵاکانی.
جۆگەی لێو شەقار شەقاریش
تەرمی ویشکەڵاتووی ئاوی
لە گۆڕیچەی
بیرەوەریی دا ناشتبوو
کەژاوەیەک تراویلکەی
بەرەو پیری دار دەهانی .

زستانی ١٣٨٠

# پێکەنین

ئەوەندە لە مێژە لێوم
پەپوولەی بزەیەکی
لێ نەنیشتووە
توێژاڵ ، توێژاڵ

غەوری خەمی لێ بار دەبێ ،
بۆیە ئـێستا
جار نا جارێک
کە سروەی پێکەنینێک دێ و
باوەش لە رۆحم وەردێنێ
خێرا هەناسەم سوار دەبێ .

بەهاری ١٣٧٩

# بـــــڕوا

دڵۆپ ، دڵۆپ
خەو دەبارێ و
ڕۆحی سیوشکەهەڵاتوو
باوەشیان بۆ گرتۆتەوە

**کولوو، کولوو**
**شەو دەبارێ و**
**کاسە سەری بۆش و سڕ بوو**
**خۆیان لەبەر هەڵخستووە .**
**دەریا ، دەریا**
**خەم و کوڵ و کۆ دەبارێ و**
**دڵی بە لیتەدا ڕۆچوو**
**پایەندازی مۆری خوێنیان**
**لە بەر پێی دا ڕاخستووە .**
**جەنگەڵ ، جەنگەڵ**
**گڕچزووی درۆ دەبارێ و**
**ماری دەماری زاماری**
**لێکتر بەر بوو**
**قوڕگی شین و برسییان بۆ کردۆتەوە .**

زستانی ١٣٨٠

# ئاماژە

ئەم دڵە ئاسنینە بێ هەستانەی وا
لە ژێر قیلەتاوی رۆحی
رەشی خۆیاندا پۆکاون ،
ماچی بزەی هیچ هەتاوێ

وەترپەیان ناخاتەوە .
ئەو لێوە بەردینە شەقار شەقارانەی
لە ژێر بەرگێڵەی هەناسەی
لێڵی زەماندا تاساون
ترپەی سەوزی هیچ بەهارێ
ئاوێتەی شنینەوەیان ناکاتەوە

زستانی ١٣٨٠

# فریو

زەوی گزە ،
ئاسمان کزە ،
هەور کڕیۆە .
فرمێسکی خۆریش
لە بن بارستی
تەمتومانێکی چەواشە بوودا
چزەی
جنێوە !

بەهاری ١٣٨١

# هیوا (٢)

کسپەی جەرگی خۆر
برژۆڵی مانگ
دەپڕووزێنێ .
بە حەواوە
کز کز کز کز

ئەستێرەی سوور
دەتوێنەوە .
تاڵە تیشکی پەپووولاوی
لە ژێر لێفەی
تەمێکی خەست و فێنک دا
تێک دەهاڵێن .
لە ئاسۆیەکی روونەوە
بە گەمیەی کۆلکە زێڕینە
مانگ و
ئەستێرە
دێنەوە .

بەهاری ١٣٨١

# ژان



لە گەرووی زریکەیەکی
باڵ سەوزەوە
سەری هەڵدا
باڵای کرد و
هەڵچوو
هەڵچوو
سەری هەڵساوی لە سنگی
روونی ساماڵ .

بەهاری ۱۳۸۱

# تەمەن

رۆحی بەیان هەڵبزرکا
من داڕزیم .

قارچک تۆقی
من هەڵوەریم .

دار پشکووت و
من هەڵ لەرزیم .

دادە رووخێ چرک ، چرک
لیۆی بە چرکە ژاکاوی ژیانەوە .

زستانی ١٣٨٠

# مەرگ

دلۆپ
دلۆپ
شەو ،
دادەڕژێ
بە سەر باڵای پڕشنگێکی کەسیرەدا

بنوو
بنوو
هــێـشـتـا شــــــەوە !!

زستانی ١٣٨٠

# کوێری

شۆخی بە ماچی گڕپڕژێن دەکا
ئەو زریوە دڵ لەرزۆکەی
لە بڕژۆڵی
ئەستێرەیەکی دوورەوە
دا
دە
چۆ
ڕێ
بە سەر خۆرا .

هاوینی ١٣٨١

# تاسە (١)

ساتە فرمێسکاوییەکانی
چاوی دایکم
دە ڕاوەستن !
تەمامە من
بەو بیرۆکە سێحراوییەی
داوێنی شاخ
بگەمەوە .

بەهاری ١٣٨١

# راستی

ئێوە گریان
ئێمە هاوار
زریکە و نرکە.
شاخ ـ
داده ڕووخێ ـ
شاتە گۆی زەوی
بە سەر بەرۆکی
شەوی کەسیرەی
خەوی خودا دا
خڕڕڕ هەڵدە سووڕێ .

پاییزی ١٣٨٠

# گازندە

سڕ و کەسیرە تیشکە،
سەرنجی ئاوەژووی رۆژ
هەڵنایە تازە ،
گیرا بە پووچە بیر دەرووی رۆژ

□

خزایە مێشک ودڵتان ،
خەوێکی لێڵ و ژەنگن
لە دووکەڵا ئەوق بوو،
سروشتی ئابڕووی رۆژ!

لە رۆح و سەر دەبوورن، بەرەو مەرگ بە ڕێوەن
بەقەست لە شەو وەڕەز بوون،
که دەیگرن گوڕووی رۆژ!

دڕەندەیی کە گوورا، لە نێو هەناوی ژینا
رووشا تەوێڵی،
پڕبوو لە خوێنی سڕ گەرووی رۆژ

تەواوی پاژی ساڵتان سواغ دا بە چڵکە باوەڕ
ئەی هەقمەقینە تاکەی،
شەرمەندە نین لە رووی رۆژ؟!

بەهاری ١٣٨١

# ئاوێنە (٢)

مەرگە خەونی تەمەنی پڕ تەمی ئەم ئاوێنە
لاپەڕەی زامی چیای لێو و گەروو پڕ خوێنە

سێبەری نزم و لە تۆزا ونی ئەم پێدەشتە
گۆڕی ئەشقێکی برینداری مەرگ تۆقێنە

لەوەتا خوێنی دەماری مەییوە خۆری شەکەت
قورم ئەباری لە نیگای ئەم  شەوە دڵ برژێنە

وەرە گوێ بگرە لە کسپەی دڵی چۆقاوی بەیان
قرچ و سۆی ئاگری  داخێکی تەمەن تاوێنە!
زەردەخەندەی گەش و شلکی گوڵەمێلاقەی رۆژ
بۆیە ئەمرۆکە وەها زیز و سڕ و نەدوێنە،
شەوە مۆتەی گەڕی تێزاوە هەرێمی هاوار
رۆحی رووناکی لە ئەوکی هونەرا، خنکێنە.

□

هەڵدەتۆقی لە گەرووی زامی خەیاڵما ئەمشەو
کارگی دڵ لەتلەتی سەد شاغەزەلی بێ وێنە

□

پیرە تیمساحی مڕومۆچ و قوڕاویی وایلۆک!
بەس بە سەر مێشکی ژیانا کەڕوو دابڕژێنە!!
بێڵە بۆ چقڵ و گوڵ و مێش و پەپوولە و رەز و بی
چاوی رۆشن بێ دڵی کانی وەکوو ئاوێنە!!

زستانی ۱۳۸۰

# رێی خەیاڵ

کە دووری لێم، بەیادی تۆ بە شەودا رێی خەیاڵ دەبڕم!
بە ناڵەی دڵ خەوی شیرین لە چاوی مانگە شەو دەزڕم

پەپوولەی زەردی دڵ دەگری بەسەر تەرمی گوڵی عەشقا
منیش گۆشەی کەوێڵی خەم دەگرم و قامی خەم دەچڕم

که خەونێکی بەسام ئەمشەو خەوی شیرینی تاراندم
دەبێ بەرگی رەشی ماتەم بە بەر بووکی شیعر ببڕم

دەبێ ببڕم سەری کۆتری حەز و تاسەم بە تیغی ژان
بەرۆکیشم بە نینۆخی خەفەت ئەمشەو دەبێ بدڕم

دەبێ خۆڵی خەمی گشت دڵشکاوان من بە سەرما کەم
دڵ و جەرگم بە خەنجێری خەم و دەردی ژیان ببڕم

دڵی تەنگم بە وێنەی ناخی قامیشی وشک کون بوو
پشووم موتریب و دڵ شمشاڵە ، ژانی دووری دەردەبڕم

بە بێ رۆحی ئەوین ئەمشەو وەکوو تەرمم لە نێو گۆڕا
دەلەرزم هەر کە چاوی دڵ لە میچی گۆڕەکەم دەبڕم

وەرە با ئەشکی شادی دەشتی وشکی دڵ بخووسێنێ !
بە پەلکی نەرمی گوڵخونچەی ئەوینت تۆزی دڵ بسڕم.

هاوینی ١٣٧٣

# تاسە (٢)

بۆ هاوڕێی خۆشەویستم : سەلاح نیساری

**دڵم ئەوشۆکە گوڵۆپی حەزی کووژاوەتەوە**
**ناخی ژووری سڕ و تارم خەمی تێزاوەتەوە**

**لەوەتا ڕۆییوی دڵ بۆتە مەکۆی ژانوکەسەر**
**گڕی تەنیایی لە جەستەی کزم هاڵاوەتەوە**

تەکوتەنیام و لەگەڵ لەشکری خەم دەس بەیەخەم
کێ لە ژێر چۆکی خەما کەوتبێ هەستاوەتەوە ؟

دڵی تەنگم لە دڵی تاری شەوی بێ کەسییا
دەمێ هاوار و گوڕوو و شیوەنی نەبڕاوەتەوە .

بە خەیاڵی پەریی شیعرێ کە قەڵەم دێتە هەژین
بە پشووی سارد و سڕم دەفتەرم هەڵداوەتەوە

گوڵم ! ئەم شارە بە بێ تۆ وەکوو وێرانەیە لام
مەلی شادی تەرە بوون ، کوندی کەسەر ماوەتەوە.

بەهاری ١٣٧٢

# پۆلانە

ئەو شەوگارەی بزەی خنکاند لە دەهۆیا
خەڵووزی چاند لە گەرووی کەسکی چرۆیا

ئەو گڕەمشقانەی رۆحی باخی سووتاند
دیلە ناڵەی دڵی قومری لە پشکـۆیا

زێـڕوەشانی باڵای کردین، ئەو ئاسمانەی
سێڵاوی خوێن دیار بوو لە چاوی ئاسۆیا

ڕەسالەتی داپاچینی جارە پڕشنگ
باڕەشێکی چاوسوور هێنای لە گەڵ خۆیا

خۆ ڕنین و سەر لە قوڕنانی ڕەز و گوڵ
دیارییەک بوو باگەڕ هێنای لە پاشکۆیا

پەلکە گوڵێک ماچی باران کوڵمەی پێکا
با ـ لوولی دا و ئاور پشکووت لە گڵکۆیا

عاشقانە دەنگی بولبول ڕەجم دەکا
ئەو دڵەی دەڕسکێ ئەوین لە دڕۆیا

گوڵ دەبینن، فامی خۆیان دەسووتێنن
تاکوو بەرامەی وەشارن، لە بۆسۆیا

زستانی ١٣٨٠

# تینی رسکان

دڵ لە دووی سەوزەنیگای روونی بەهارێ دەگەڕێ ،
کە شنەی خوێنی بەیانی لە دەمارێ دەگەڕێ

مەلی هاواری قەتیس ماو لە گەروودا ، دەفڕێ
کاژەڵاکی هەموو ئەشکەوت و زنارێ دەگەڕێ

لێوی کـێوان هەموو بۆ ماچی گزنگ راساون
زەوی ئۆقرەی نییە هەر تاوی بە بارێ دەگەڕێ

ئەو شنەی سروەیە وا سینگویەخەی خۆی دەدڕێو
هەموو لێڕ و کەژ و کوێستان و بناری دەگەڕێ،

ڕۆحی ئایشی گوڵی ئەم سەردەمە خوێناوییەیە
شێت و ئاوارە لە دووی چووکەڵە سواری دەگەڕێ.

□

دارە تەرمێکی سڕە خۆری لە خوێنا شەڵتان
تەرمی ڕووناکییە تـێیدا، لە مەزاری دەگەڕێ

سەری هەڵلاجە زەوی، کەیلی ئەنەلحەققی ئەوین
بە هەوای عەشقەوە بۆ باوەشی داری دەگەڕێ.

□

ئەو بەهارەش دی ترووسکەی تکە ئاونگی بەیان
باخی کوڵمەی هەموو دێ و شار و هەواری دەگەڕێ

لە دەماری دڵی ئەم خاکە سڕ و بەستەڵەکەش
تینی ڕسکان و شنەی ژینەوە، جاری دەگەڕێ!

زستانی ١٣٨٠

# پیری

(( تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ
هەر ئەم شەقە بە کارە کە وا هەڵدرێ لە هیچ ))
(مەحوی)

**کۆنە دیواری ژیانم وا بە خەم لەرزی و جمی**
**کۆڵەکەی هەیوانی ئاواتم ترازا و تێک رمی**

**بارەش و تۆفانی پیری میچ و بانی هەڵتەکاند**
**شۆردیـۆ بارانی فرمێسکم گڵ و خشت و لـــمی**

یەسک وپێست وخوێنی
جەستەی دەردەدارم وشکەڵات
خەم وەکوو زیندوولەکەی
شێرپەنجە نێو دڵمی سمی

خوێنی گەرمی نێو دەماری عەشق و ئاواتی مژیم
هەر وەکوو زێروو خەفەت نووسا بە جەرگم دا دمی

کەوتە سەر رێگەی نەهاتی
جەستەکەی خەستە و سڕم
هەر بینا ئەسپی مەرگ هاڕیمی بەو زەبری سمی

بەهاری ١٣٧٥

# هوبووت

کاتێ حەوا سەرقاڵی ژان و گەرمەزەو بوو
ئەستــێرە پشکووت و زەوی پشتی جدەو بوو

نێوچاوی بە خوێن مۆر کرا خاکی کەسیرە
پاکی و حەیاش یەکجاری تووشی کۆچ و ڕەو بوو

کڕ بوو لە سەر هێلکەی زەوی داڵاشی تاوان
ڕۆژێ کە ئاوەز ژێرچەپۆکەی زیندەخەو بوو

ڕۆژی بەرێ دەکرا نەخولقێنێ گەنم ، خوا
دیارە کە خۆی ئیشتیای لە رسکان ودرەو بوو

کۆڕی سەمای زام وگەڕەلاوژەی زریکە
جێژنی چرۆ دەرکردنی شاخەڵفی خەو بوو

تاڵی هەموو تیرێژە چیرۆکی شەوانە
ریشەی لە سەر فرمێسکی زەردی مانگەشەو بوو

ژوانێ نەبوو ، شەو ، تیا لە باوەش کا کچی خۆر
سێبەر تنۆکێ رۆندکی تەنیایی ئەو بوو

شەوڕن کرانی حورمەتی رووناکی باوەڕ
پاکی لە سایەی داڕژانی قورمی شەو بوو .

هاوینی ١٣٨١

# چاوەڕوانی

بتبیستایەم کسپەی رۆحی تەنیایی گەستوو
بەرخوناوەی عەشقت دەدام ئامێزی تینوو !

دیبات هەڵمەقووت کرانی هەنگاوی سەوزم
بە دەس شەقامێکی چۆڵی زەردوویی گرتوو ،

بۆ دوو چڵە تیشکی شەبەنگی خۆشەویستی
جۆلانەی هەورینی رۆحت دەکردە پەردوو !

□

دایگرتبوو بۆنی مەرگ کۆڵانی تاسەم
هـێندەم بە سەر دڵما رژاند فرمێسکی مردوو
رۆحم لە سەر لەتی هەموو ساتی بە جێ هێشت
بە تاڵی داخەوە مووررووی چاوم وشک بوو
رەوەیەک هێلانەی سڕی جێ پێم بە جێما
لەو کووچە خووساوەی وە بەر لەنگێزە کەوتوو .
باڵی قومری و تەرمی هەڵپرواوی پەپوولە
دەڕژایە سەر شاری خەم و هاواری نوستوو ،
دەستم هێنا بە ئەگریجەی مۆری خەمێک دا
چرۆی ژانێک لە سەرمەوە پشکووت و هەڵچوو .

□

چاوت هەڵبێنایە بە پەنجێرەی هومێدم
تاسەی بشکایە گیانی سیوشکەهەڵـاتوو ،
گیرفانێکم دەنکە بزەی نارنجی دێنا
بۆو بەیانە لێو بەبارەی پاییزە بردوو !

هاوینی ١٣٨١

## پرسەی ئەوین

چیا و پێدەشت و دارستان دەزانن
بە دەردی دڵ بریندار بوونی شیعرم
لە گەڵ فرمێسکی کانی هاوسەرینن
تکەی سۆڵاڤی چاوی روونی شیعرم

تکەی ئاونگی ئەستێرەی بەیانی
لە سەر لێوی ئەوینم هەڵدەنیشن
شەو و کاروانکوژە و چۆڵگە و بیابان
لە گەڵ ڕۆحی کوڵۆڵم دادەنیشن.

□

ئەویندارانە ژین , شێتانە مردن
لە نـێو ئامێزی شاخ و مێرگ و باخا
گەلێ خۆشتـر لە ژینی بێ ئەوینە
کە دڵ بڕزێ لە بەندی بەرزی کاخا

□

ئەوین نەبوایە کەی ئەم ژینە ژانە
دەمێ مەودای پشوودانی دەداینێ
خەمی دنیای لە سەر شانە خەیاڵم
لە ژێریدا چەمی و ناتوانێ داینێ

□

لە گەڵ ترپەی یەکەم هەنگاوی شەودا

لە نێو ڕەگما گەڕای گریان دەگووڕێ
گەزارەی گەردەلوولی گرپە پڕژێن
بە سەرگابەردی مەرگمدا دەدووڕێ .

□

کزەی هاوار و گرفەی مۆنجی گریان
دەبەن تەرمی هەناسەی هەڵوەریوم.
بە گۆنای زەردەپەڕدا دەیپژێنن
پزیسکی ڕۆحی ئاوارە و تەزیوم .

□

لە پرسەی ئەو ئەوینە جوانەمەرگەی
لە جـێژوانی بەیان و کانییا مرد
شنە و بارانە دێن بۆ دڵنەواییم
بە سەر ڕۆحما دەنێن هەنگاوی ورد ورد.

□

هاوینی ١٣٨١

## دەهۆ

به دەم ئاسۆوە شەوەزەنگ
که نوێژی بەیانی دەکا
ددانەچیرە له شاخ  و دارستان و کانی دەکا
ئەو دێڵه دۆڵپایه پیرەی زنەی گریانه گلێنەی
به خوێنی بەهار و مێشکی هەتاو
مەگیرانی دەکا

ئەو رەشەبایەی کفنی سڕ

دەکاتە بەر درەخت وگوڵ
لە گەڵ باوێشکی بەیانی
تف لە عەشق و جوانی دەکا

گڕ بەر دەداتە برینجەی چۆم و
زریوەی ئەستێرە
زەردە بگرن زەردە و گزنگ
خۆڵەمێش بارانی دەکا

شنینەوەی وەنەوشەجاڕ
لە چڵکە دووکەڵ وەردەدا
خێسەش لە شابسکی تەڕ و لوولی
گەرمەشانی دەکا

رانە مێشکێکی شەوارەی ئاژین کردۆتە
دڕکەڵان
هەست و ئەندێشە خەسێنە و
پێتان وایە شوانی دەکا!
هاوینی ١٣٨١

# دوا هەنیسکی خاکەلێوە

بۆ رۆحە سەوز و شیعراوییەکەی مامۆستا هێمن

دوا هەنیسکی خاکەلێوە دەستەمۆی کۆچ کردنە
هەگبەیەک باڵی هەناسەی پێیە، پێم هی هێمنە
رادەبووریێ و خاک و ئاو و با لە گەڵ خۆیا دەبا
شۆڕە پێشەنگی پەریی شیعری پەڕەی دڵ کون کونە
بۆتە تابووتی هەزاران عەشق و بریا و پێکەنین
ئەو دڵەی دەیگوت: بە بەژنی زەرد و ما دا هەڵزنە

زۆر لە مێژە کوێر کراوە لێرە بیبیلەی ترێ
چاوی هەوری مەی نەزۆکە، وەرزی شادی کوشتنە
ویشکە سالّیی بادە رۆحی ئەم هەرێمەی هەلّکزاند
ساقی چرژاوە دلّی، یان سنگی پەیمانە کونە؟!
لەم ولّاتە زەردەبا رۆحی ئەوینی راڕفاند
چاوی شیعر و روومەتی روانین لە دووکەلّدا ونە
شەرحی فرمێسک‌وخەم وسووتان‌وزام و گیان‌کەنشت
رێژنە فرمێسکی قەلّەم بۆ ناخی زەریای بێ بنە
چاوی شین و بسکی زەرد و چیمەن و خوێن تێکەلّن
کۆلکەزێرینەی هەوای شیعری بەهارینەی منە
حەڤدە وەرزی سەوز و زەرد و ئەرخەوانی تێپەڕین
چاوی بێستانی ولّات هەر چاوەنۆڕی شەوڕنە
پاکی رەشپۆشن لە تاوی کۆچی خۆری هەستی وی
زەردەپەڕ، کاروانکوژە، باخ و چیا و چۆم و زنە
هەوری خەم گرتوویەتی ئاسمانی سامالّی غەزەل
دێڕ بە دێڕ، واژە بە واژە، پیت بە پیت خەم ئاژنە
شادی بۆ دەرمان لە سەر سفرەی دلّێک دەس ناکەوێ
شین گوڕەی دێ، خەم گڕەی دێ، جێژنی ژین سووتاندنە
بوونە پۆیلانەی هەناسەی بووک و زاوای پێکەنین
خەردەل وسیانید لە سەر ئەم خاکە ئەنجن ئەنجنە

هەڵبزرکاون لە سەر لێو باڵی سەوزی گوڵبزە
هەڵدەچۆقێن زەردە، بەو لێمشتی قاڵی ئاسنە
شاخ بریندار و هەناسە سواری گولـــە و دووکەڵە
بۆیە کانیاوی بناری بێ گڵێنە و قرخنە
کاسە سەر بۆشن، بە سەر پشتی شەپۆلی خوێنەوە
رەخسئەکێشن، چۆپیدەگرن، بەزمی ئاوەز ناشتنە
زار لە واژەی خۆ وەڕەزبوون، چاو لە دیتن، لێو لە ماچ
دڵ لە عەشق و ماڵ لە پڕشنگی دەلاقە و رۆچنە
هەڵوەریون ئاوەز و مێشک و زمان پێ پەست بوون
وا رەپێچەکیان دەدا ئەم گێژەڵووکە و بارنە
کەس نییە گوێ داتە زیڕەی لاسک و قیژەی گوڵووک
لێڕەواری رۆح دەسووتێ، بۆتە گڕ کەزیەی شنە
□
ئەو کچۆڵەی پێکەنینیان کوشت لە سەر خونچەی دەمی
ئارەزووی جارێکی تر بۆنی مەمک هەڵمژتنە
دوا نیگای سووکی لە سەر بووکۆکەکەی جێ هێشتووە
رۆحی بابردووشی هەڵقرچاوی کڵپەی مردنە
چاوی بۆ ئاسمان دەنارد، بچنێ گوڵی ئەستێرە بۆی
تاکوو بیهۆنێتەوە ملوانکەیەک بۆو گەردنە

□

باوەشی گۆڕیچەیە بۆ گوڵبزەی مردوو بەهار
لێرە سەر تا پای لە هەش ناوە شلێرەوسوێسنە
ئەمخەڵوزەی خۆی لەنێو چاوم دەساوی پێی گوتم:
خەم مەخۆ ، ئاسۆگی دووری تاسەکانت رۆشنە
جوانە مەرگی کرد، ئەوی ئاواتی هەمبوو نایە چاڵ
ئێستە بۆ ئامێزی دێزی مردنێ دەمدا دنە
هێمنی داگرتووە ئەمشۆ خەوێکی قورس و کڕ
کیژە کورد! دایبچڵەکێنن دا بە خرمەی بازنە
بەڵکوو بدرێ کفن و گۆڕی هەڵتەکێنێ، پێی بڵێن:
راپەڕە، بڕوانە رۆژی سەربەخۆ بوونی ژنە
کیژی شاری، پەرچەمی، تاڤگەی چیای باڵایەتی
کیژی لادێش بێزی هەڵدەستێ لە هەرچی شەرمنە
پاکی وریا و چاوکراوەن، فێرە زانینن کچان
بوو شەوارەی تیشکی زانینیان، ئەوی دڵ چڵکنە
راپەڕە ئەی پیری زانا! ئەی هەژیر و قارەمان!
کورد لە خەو هەستێنە ئێستا کەنگێ کاتی خەوتنە
هەستە رێژنەی رۆندکی شیعرت بە خوڕ داڕێژەوە
بشڵەقێنە گۆمی ئەم شەوگارە لێڵ و لیخنە
ئەی خودای شیعری تەڕ و هیوا و هومێدی عاشقان!
بێرەوە! بێ تۆ گەلم ئاسۆی ئەوینی لێ ونە

خاکەلێوەی ١٣٨٢

# مینی تەماتەیی

بلێی هەتاو سیلەی چاوێ بە سەر ئێمەشدا بگێڕێ،
خوێنی سەوزی هەناسەی ژین
بە جۆگەی لەشدا بگێڕێ؟
لە نێو تەوژمی دووکەڵا پشووی سوارە پیرە ئاسمان
کوا دەتوانێ زەویی کرمۆڵ لە نێو باوەشدا بگێڕێ؟
تاکوو ژیانەوەی پشوو،
تاکوو روانەوەی ئاور
شەماڵ رۆحی بە شوێن شنەی بووژانەوەشدا بگێڕێ،
هێشتا هەناسەی خنکاوی ئەم خاکە رەق هەڵاتووە

ناتوانێ جارێکیتر چاو بە ڕۆژی گەشدا
بگێڕێ.

□

مینی تەماتەیی ویستی بە پڕیشکە شەونمی خوێن
روخساری بۆر و دزێوی خۆی ئاڵوگەشدا بگێڕێ،
ئامێزی دووکەڵینی بۆ هەنگاوی ژین ئاوەڵا کرد
تا دنیایە دەبێ گرمەی بە دوای تەرکەشدا بگێڕێ،
تاکو کۆیان بکاتەوە و دەسنوێژێکی سوور هەڵگرێ
سوجدەیڕەشیبەدووی رووگەی
خوێنیدیکەشدا بگێڕێ

□□

خوێن بپشکوێ، خۆر دەپشکوێ.
بارانوبەفر دەپشکوێن
با دووکەڵ بۆنی باڕووتی
بە شوێن بارەشدا بگێڕێ.
گوڵئەستێرەی خوێنی هەڵۆ
چاوی وە شەوارە دەخا،
شەوی چڵکەسوو بیهەوێ زەردەپەڕ رەشدا بگێڕێ.

زستانی ١٣٨١ ـ بۆکان

# دووکەڵی بەڵێن

دیسان بۆ هاوڕێی خۆشەویستم:
محەممەد ئەمین شاسەنەم

**شەو ڕەگی دادەکوتێ زامی بەیان سۆڵەی دێ**
**بە هەنیسکی سڕەوە سێبەری شاخ بۆڵەی دێ؛**
**کەڵپەیەک کاسە سەری ئاوەزی دادەکورۆژێ**
**کەچی جەستەی لەقی ئەو داوەڵە کرمۆڵەی دێ،**
**چەتری داخێکی هەناسەی تەمەنی هەڵداوە و**
**سەری بەرداوەتەوە و**
**ئاوری بزەی کۆڵەی دێ.**

لە بەری باخی وتەی مەستی دەمانکا پاراو
قەولی زۆر داوینێ ئەو سوارە کڕ و زۆڵەی دێ:

شار و دێ دادەگرێ بۆنی هەناسەی رسکان
خۆری ژین دێت و شنەی ئەو قژ و برژۆڵەی دێ؛

رووپەڕی سنگی لە بەر رێژنە بزەی هیواتان
رادەخا،
کاتێ گڕی ئەشق و ژیان شۆڵەی دێ!

رەشەبا دێت و لە بەر پێی گوڵی خوێن داچێنن
پایەنازی دڵ و چاوتان بکەن،
ئەو خۆڵەی دێ!

قوڕی هەر کوێیە گوتم،
زوو لە گلێنەی هەڵسوون
چاوی روونتان دەبێ،
بۆ دیتنی ئەو رۆڵەی دێ.

□

ڕەوەیەک تاژیی بە دووی سێبەری خۆیدا هێنا و
هاتە سەر مێشک و دڵی لەت لەت و پڕپۆڵەی دێ

پەتی دووکەڵ لە ملی شاری دەخا و،
بۆنی مەرگ
دەگرێ ئەوکی هەموو ئەم باخ و چیا و دۆڵەی دێ.
تا ئەبەد مێژوو لە گوێیدا دەبێ قیژە و زیڕە
شەو،
تکەی خوێنی منداڵانە لە بابۆڵەی دێ.
جاڕی ئیشتیای چەرەخۆران
لە پەڵەش دەرچوو، کەچی
ڕەنج بەبای بێ بەشی مە،
قۆڕە لە ریخۆڵەی دێ.
گوللە ڕەگ دادەکوتێ و خۆری بەیان هەڵنایە
شەو ڕەگی دادەکوتێ و زامی ژیان سۆڵەی دێ.

زستانی ١٣٨١ـ بۆکان

# ئێوارەی شەقام

کاتێ چیا و خۆر بۆ ماڵئاوایی
یەکتر هەڵەمژن،
شەقام دەبزوێ
بە تینی رەوت و لەرە و شنەی ون؛
شەقامی دڵپڕ،
رەشپۆشی قورمی چارشێو و لەچکەن
تینووی شەپۆلی
پەلکەڕەنگینەی پەخشانی پرچن.

□

بلێی ڕۆژێ بێ زەردەشتی ڕقمان،
ببێتە گڕپڕ
هەڵبچۆقێنێ تەمی سەر باڵای ئاسۆگی ڕۆشن؟
دابگرێ دەشتی شان و بەرۆکت سێڵاوی کەزیە
بکەونە مەلە لە گەڵ ڕۆحی من دوو ماسیی خرپن؟
بێم لە قەڵپەزەی سەرشان و ملتا خۆم بخنکێنم
با هەڵم لووشێ شنەی مۆسیقای کەروێشکە کردن
هەڵیدەواسم ڕۆحم بە تاڵێ شەبەنگی چاوتا
دێتە جێژوانم ترووسکەی گەرمی شیعرێکی هێمن
سەرنجم بۆ سەر چناری لەنجەت باڵی لێک دەدا
لە سەر بەرۆکی شەقامی ڕەنگ و
بۆن و بزەی ژن
بە نێردیوانی بۆنی جوانیدا ڕۆحم هەڵەزنێ
بەرەو مێعراجی جوانی پەرەستی و
ئەوینی بێ بن.

بەهاری ١٣٨٢

# خاڵی پیرۆزەیی

شەو لە سەرما کۆتری عەشقی کەویت نیشتۆتەوە؟
وا لە سەر لێوم تکەی ئاونگی پیت نیشتۆتەوە؟!
رۆحی شەیدا و باڵ برینداری منە ئەو کۆترەش
وا لە سەربانی بڵیندی دڵڕەقیت نیشتۆتەوە؛

کەوتە تەقڵە دوێکە ئێوارێ لە سەر کێشی ئەوین
دیم لەتێ ئاسمان لە سەر کوڵمەی سپیت نیشتۆتەوە.

[]

هەر کە باڵی کردەوە رۆحی پەپوولەی چاوەکەم
دیم لە سەر هەنیەی نیگای ئاوێنەییت نیشتۆتەوە.
عەشقی تۆ ریشەی لە سەر خوێن و هەناسەم داکوتا،
دیم بەیانی گەش لە سەر لێوی گوڵیت نیشتۆتەوە.
کاتێ دێی رادەبری، دەفڕێ بۆ قژت سروەی پشووم
بسکەکەت داپۆشە هەر کاتێ کە دیت نیشتۆتەوە؛
با هەتا مردن وەنەوشەی دیلی مەقنەت هەڵمژێ
سەربزێوێکە و لە سەر داوی کەزیت نیشتۆتەوە.

هاوینی ١٣٨١ـ بۆکان

# چەمۆڵەی نا

هێند سەرتداخست،
لە داخت، رێ چەمۆڵەی‌نا لە رووم،
تاکوو کەی من!
ئارەقی شەرم و حەیات بڕوا لە رووم؟
شەو رەگاژۆی کرد لە مێشکمدا،
دڵ و رۆحم رزین
بێزی هەستاوە دڵی مێژوو و هەموو دنیا لە رووم.
هەستە گڕ بەردە شەوی چارشێو و مەقنە،
کیژی خۆر!
با ترووسکەی زەردی کەزیەت داڕژێ و
بیدا لە رووم.

بێ گەزیزەی بسکی تۆ مانای نییە نەرۆزی من
کۆنەسالم، با شنەی ئەو خۆرە گڕ بەردا لە رووم
باوەشی سەوزی سەرنجم بۆ بزێکت کردەوە
توورەیی و گرژیت
شەپێکی بێ بەزەی هەڵدا لە رووم!!
سەرسەر ئاسایی بە کووچەی ئارەزووما تێپەڕیت
شەختە بووی‌گەستت چرۆی عەشقم،
بەهاری لالە رووم!!
خەم وەکوو بەردە و منیش گیایەک،
لە ژێریدا رووام
زەرد و ژاکاوم شەپۆلی تاوی رووت نەیدا لە رووم.
کەی بەهاری «ئا»یەکت باوەش بە هەستمدا دەکا؟
کەی پشووی سەوزی‌حەزت
دەیدا وەکوو شیبا لە رووم؟!
بمخە قوڕگی مەرگەوە، کەللەم بکە کوانوو، بەڵام
قەت دڵت بڕوا نەدا بینێی چەمۆڵەی «نا» لە رووم!!

پایزی ١٣٨١ـ بۆکان

# شەڕ

لە لێوی هەور و کانی و هەتاو،
قوڕاو دەچۆڕێ
ڕەشاو
لە بسکی کەسکی گیابەند و خاو دەچۆڕێ
دۆڵپا و زەروو
لە عەرز و زەریاوە هەڵدەتۆقێن
خۆرە و کرم
لە هەور و مانگ و هەتاو دەچۆڕێ

خوێنی هەناری سنگی کیژی بەیانی نەورۆز
لە بابڕی سمێڵی خودای شکاو دەچۆڕێ

فرمێسکی سووری شەونم،
هەنیسکی زەردی ئاور
لە لێوی پڕ لە خۆزگەی چرۆی بڕاو دەچۆڕێ
هێلانە ژەنگەسوورەی سەری خودای شەڕ و خوێن
لە هەر کونێکی ڕێژنەی ژار و سەماو دەچۆڕێ
لە سەر کەلاکی زەردی ئێوارە،
شاری زامار
فرمێسکی بێ هومێدیی لە چاو بە تاو دەچۆڕێ
بۆکڕووز خنیویە قوڕگی شەقام و ماڵ و کۆڵان
قاڵاوی مێشک و یەسقان
لە شێرە ئاو دەچۆڕێ
هەوا گەرووی لە قۆخە و هەناسەبڕکە پڕ بوو
لە شاپەڕی شنەی با ـ ش
زووخ و ڕەشاو دەچۆڕێ
ئەم ڕێژنە ئاگرینەی دەڕژێ بە سەر غەزەلدا
لە ئەوکی شاعیرێکی هیوابڕاو دەچۆڕێ.

بەهاری ١٣٨٢

بەرهەمی بڵاوکراوەی شاعیر:

١. تاپۆی وەرزێکی سەوز. شیعر. ١٣٧٦
٢. شەوەزانی ئەستێرەیەک. شیعر. ١٣٨٠

سپاس بـــــۆ هـاوڕێی خۆشـەویسـت و دڵسـۆزم،
کـاک محەممەد ئەمین شاسەنەم
کـە بـۆ رازاندنـەوە و رێـک و پێـک کـردنی ئـەم بەرهەمە ماندوویی‌نەناسانە یارمەتیی دام.
ئەمین گەردیگلانی

ئۆقره گرتن له باوەشی هیوای سووردا ........................................ ٧
مەرگه خەون ................................................................................ ٢٧
ڕێــگـا ........................................................................................ ٤١
چیرۆکی ڕمووده بوونی ڕۆح ........................................................... ٤٤
خەمێکی شیرین ............................................................................. ٥٠
پردی پڕشنگ ................................................................................ ٥٣
نیو نیگا ........................................................................................ ٥٩
ئاوێنه(١) ...................................................................................... ٦٠
ترس ............................................................................................ ٦٢
هیوا(١) ........................................................................................ ٦٤
پێکەنین ........................................................................................ ٦٥
بـــــڕوا ......................................................................................... ٦٧
ئاماژه .......................................................................................... ٦٩
فریو ............................................................................................. ٧١
هیوا (٢) ....................................................................................... ٧٢
ژان .............................................................................................. ٧٤
تەمەن ........................................................................................... ٧٥
مەرگ ........................................................................................... ٧٦
کوێری .......................................................................................... ٧٧
تاسه (١) ....................................................................................... ٧٨
ڕاستی ........................................................................................... ٧٩
گازنده .......................................................................................... ٨٠
ئاوێنه (٢) ..................................................................................... ٨٢
ڕێی خەیاڵ ..................................................................................... ٨٤
تاسه (٢) ....................................................................................... ٨٦

پۆیلانە........................................................................................۸۸
تینی رسکان ..................................................................................۹۰
پیری..............................................................................................۹۲
هوبووت..........................................................................................۹٤
چاوەڕوانی ....................................................................................۹٦
پرسەی ئەوین..............................................................................۹۸
دەهۆ .........................................................................................۱۰۱
دوا هەنیسکی خاکەلێوە ..........................................................۱۰۳
مینی تەماتەیی..........................................................................۱۰۷
دووکەڵی بەڵێن..........................................................................۱۰۹
ئێوارەی شەقام ..........................................................................۱۱۲
خاڵی پیرۆزەیی ........................................................................۱۱٤
چەمۆڵەی نا ..............................................................................۱۱٦
شـــەڕ .....................................................................................۱۱۸